# لیستی داخراو یان کراوە؟ کامیان نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵک دەکات؟

هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە سیستەمی لیستی داخراو بەڕێوە دەچن، هەردوو هەڵبژاردنی ساڵی 1992 و 2005 بەم شێوەیە نوێنەرانی گەیاندە پەرلەمان، ئەگەرچی مۆدێلێکی بەرچاوی وڵاتانی دیموکراسیە، کەچی هەندێک جار گلەیی و گازاندە لە لیستی داخراو دەکرێ، هەندێک داوای لیستی کراوە دەکەن، هەندێکی دیکە لەنێوان لیستی داخراوو کراوەدا گیریان خواردوە، داخراوی سنوردار یان داخراوی کراوە بەباشترین چارەسەر دادەنێن،

وەک ئاشکرایە کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری داوە ئەمجارەشیان بە سیستەمی داخراو هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام ژمارەیەک ڕێکخراو، ڕۆژی 5ی ئەم مانگە لە شاری سلێمانی دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان کردوەو یاداشتنامەیەکیان بۆ هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بەرز کردۆتەوەو داوایان کردوە کە سیستەمی لیستی کراوە پەیڕەو بکرێ، هەروەها هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوەیان لە 6ی نیسانەوە دەست پێکردوەو تا 20ی نیسان بەردەوام دەبێ. بەرای ئەو ڕێکخراوانە لیستی داخراو زیان دەگەیەنێ، لەو پێوەندەدا ئاماژەیان بە چەند خاڵێک کردوە، ئێمەش هەندێک لەو خاڵانە دەنووسینەوە:

1- باردۆخ هەرچەند مەترسیدار بێت مرۆڤ پێویستە بەرەو ڕوی بێتەوەو خیاری هەڵهاتنی لە ڕاستی و کێشەکان پەسەند نەکات.

2- لە هەموو کێشەکان مەترسیدارتر کێشە ناوخۆییەکانن کە پێویستە حکومەت بوێرانە لە پێش هەموو کێشەیەکی تردا بە دوای چارەسەر بگەڕێت بۆیان.

3- لیستی کراوە بواری بەشداری زیارتر بۆ کەسانی شیاوو دڵسۆزو نیشتمانی دەکاتەوەو ڕێگە لە بە حیزبی بوونی دەسەڵات و دامودەزگا حکومیەکان دەگرێت و گەشەسەندوترین سیستمی دیموکراتیە بۆ هەڵبژاردن.

4- لیستی داخراو چ مانایەک بۆ متمانەی حیزبەکان بە کاندیدەکانیان ناهێڵێتەوەو بە ئاشکرا هەوڵێکە بۆ گەندەڵکردنی حکومەت و دوبارەکردنەوەی ئەزموونە تاڵ و لەرزۆکەکانی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

5- هیچ پاساوێک نابینین لە بەردەم پەسەندنەکردنی لیستی کراوەو بگرە وادەزانین کە هەڵبژاردنی لیستی داخراو بڕیارو نەخشەیەکی ترسنۆکانەی بەرژەوەندیخوازو نانیشتمانیانەیەو ڕێگە لە نوێبونەوەی دەسەڵات و پاکبونەوەی حکومەت لە دەستێوەردانی حیزب دەگرێت و هەنگاوی یەکەمی نەزۆکردنی دیموکراسیو بە سیناریۆ کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستانە.

بۆ بە دواداچوون سەبارەت بەو مەسەلەیە بە باشمان زانی ڕاو بۆچوونی چەندین کەسی شارەزا وەربگرین.

**حەکیم عەلی عەزیز** ڕاوێژکاری



کۆمیتەی ناوەندی حزبی رزگاریی کوردستان دەڵێ: 'سیستەمی داخراو دەتوانێ دەنگەکان کۆ بکاتەوەو نوێنەر رەوانەی پەرلەمان بکات، ئەگەر کراوە بێت، ئیتر لە هەر بازنەیەکدا یەکێک دەنگ دەهێنێ و دەنگەکانی دیکە دەفەوتێن، بەوهۆیەشەوە تەنیا پاڵێوراوانی حزبە گەورەکان سەردەکەون و دەگەنە پەرلەمان، لەوانەیە لە بازنەیەکی دیاریکراویشدا کەسێکی خاوەن نفوزی عەشائیری یان کۆمەڵایەتی دەنگ بهێنێ، ئەوەش لە بەرژوەند دانیە، چونکە لەوانەیە کەسەکە رابردووی باش نەبێ و ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیریشی وەکو پێویست نەبێ، بەڵام لەرێگەی دەنگی خزموکەسەکانیەوە بگاتە پەرلەمان. ئەمە بۆ سەرۆک هۆزو خێڵەکان زۆر لەبارە، تەنانەت لە سیستەمی کراوەدا هۆزەکان دەتوانن هاوپەیمانی لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەمەش لەبەرژوەنددا نایەتەوە. لە سیستەمی کراوەدا لە بازنەیەکی دیاریکراودا کێ زۆرترین دەنگی هێنا ئەو سەردەکەوێ، ئەگەر جیاوازی تەنیا دەنگێکیش بێ، ئەمەش هەناسە ساردکرنی خەڵک دەگەیەنێ. ڕاستە لە لیستی داخراودا خەڵک دەنگ بە لیست دەدات و بە دەگمەن پێوانە بۆ کاندیدەکان دەکات، بەڵام دیسانەوە لیستەکە کە لیستی حزبێک یان چەند حزبێکە دەتوانێ کەسانی لێهاتوو رەوانەی پەرلەمان بکات. بە بڕوای ئێمە داخراوی سنوردار یان داخراوی کراوە باشترینیانە نە دەنگ دەفەوتێ و دەنگدەریش دەتوانێ نوێنەری دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ، ئەمەش بەو واتایەیە کە خەڵک دەنگ بە لیستێک دەدات بەڵام لەناو لیستەکەدا دەنگ بە کەسێک یان چەند کەسێک دەدات، لیستە براوەکەش ئەو کەسانە دەنێرێتە پەرلەمان کە ڕێژەی دەنگەکانیان لەوانی دیکە زۆرترە، ئەو شێوازە لە زۆرێک لەوڵاتانی ئەوروپا پەیڕەو دەکرێ، ئێمە وەک حزبی رزگاری ئەمەیان بە باش دەزانین، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن لەنێوان لیستی داخراوی ڕێژەیی و بازنەیی کراوە بێ، ئێمە داخراو بە باشتر دەزانین، وەک گوتم دەنگ نافەوتێ. ئەو نوێنەرەی دەگاتە پەرلەمانیش نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵک دەکات.

ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ کە **کاک هیشام ئاکرەیی** بەڕێوەی دەبات،



بەم شێوەیە باس لە هەڵبژاردنی کراوە دەکات:'یەکێ لە مەترسیە هەرە گەورەکان لە لیستی کراوەدا کەچەندین لایەن و ڕێکخراو خەریکە لەم ڕۆژانەدا زوڕنای بۆ لێی دەدەن و چالاکی دەکەن، لیستی کراوەیە. ئەوان مەبەستی سەرەکییان دژایەتی کردنی پارتی و یەکێتییە و دەیانەوێت وا دەربێنن جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوان و دەسەلاتی گەندەڵی پارتی و یەکێتیدا. یەکێ لە لاوازیەکانی لیستی کراوە ئەوەیە کە هەر کەسێکی خاوەن 15 هەزار کەس لە ناوچەیەکی دیارکراودا دەتوانێت خۆی بپاڵێوێت بۆ پەرلەمان و کورسیەکی پەرلەمان بۆ خۆی گەرەنتی دەکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێگە خۆشکەرە بۆ هاتنی سەرۆک جاشەکان و ئەوانەی ئەنفالیان بەسەری کورد هێناوە بۆ ناو پەرلەمانی کوردستاندا. ئەوانەی داوای لیستی کراوە دەکەن ناڵێن نابێ سەرۆک جاشەکان و ئەنفالچیەکان بۆیان نییە لە هەلبژاردنەکاندا خۆیان بپاڵێون. ئەگەر یاسایەک بۆ مافی بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا دانەنرێت لیستی کراوە لە خزمەتی سەرۆک عەشیرەتەکان دا دەبێت و ئەمانە لە کاتی ئێستادا ئەو شەڕە لە جیاتی سەرۆک عەشیرەتەکان و کەسانی تردا دەکەن. بۆیە دەبێ لەسەرەتادا بەشداربوون لە پالاوتن لە ئەنفالجیەکان و بەعسیەکان و سەرۆک جاشەکان و کۆنەپەرستانی دیکتاتۆر حەرام بکرێت پاشان داوای لیستی کراوە بکرێت.

**بەختیار مستەفا** ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان گوتی



: 'بێگومان هەڵبژاردن بۆ خۆی سیمای سەرەکی دیموکراسیەتە، ئەمێنێتەوە سەر سستمی وڵاتان و ئەو شێوازە هەڵبژاردنەی کە دەیگرنە بەر لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە، و لە وڵاتی ئێمەش ئەمجارەش لیستی داخراو کرایە ئەو شێوازەی کە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی تیادا بەڕێوە دەچێت. من پێموایە گەر بهاتباو شێوازی هەڵبژاردنەکە لیستی کراوە بوایە باشتربوو لەبەر ئەوەی لیستی داخراو نوێنەرەکانی بەتەنها دەبنە کاندیدی حزب، دەبێ گوێڕایەڵی کوێرانەی حزب بکاو هتد، بەڵام لیستی کراوە جەماوەرو گەل بۆیان هەیە کاندیدێک لەکاندیدەکان هەڵبژێرن کە دەتوانیت زۆرترین خزمەت بە خەڵک و جەماوەرەکەی بگەیەنێت و کەسی هەڵبژێردراویش خۆی بە قەرزاربارو بەرپرس دەبێت بەرامبەر بە میللەت، بەو شێوەیەش دەکرێت شیاوترین کەس و گونجاوترین کەس بگەنە پەرلەمان و کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دەبێت. لەگەڵ ئەوەش ئێمەی ناڕازیان بەو شێوازە هەڵبژاردنە دەکرێت لە شێوازی مەدەنیانەی خەباتمان بەردەوام بین بۆ ئەوەی فشار دروست بکەین و بتوانین گەر ئەمرۆش نەبێت لە ئایندەدا شێوازی هەڵبژاردنەکە بگۆڕین بە شێوازێک کە لەبەرژەوەندی گەل و نیشتمان دا بێت.. بە هەمووان لە خزمتی پرۆسەی دیموکراسیدا بین و بۆ بەرەو پێشبردنی بە شێوازی مەدەنیانە.

چەندین بەڕێزی دیکەش ڕامانی خۆیان سەبارەت بە لیستی کراوەو داخراو خستبوە ڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەیان هاوشێوەی ڕامانەکانی دیکەبوون، بۆیە بە پێویستمان نەزانی دووپاتیان بکەنیەوە.

**ئامادەکردنی: ڕۆژین**

# گەنجانی کەلار داوای خزمەتگوزاری دەکەن

شارەوانی کەلار یەکێکە لە شارەوانیەکانی گەرمیان و ناوچەیێکی بەرفراوانی لەبەر دەستدایە، لەزۆر ڕووەوە خزمەتگوزاری بۆ جێبەجێکراوە، بەڵام گەنجان لەم جۆرە خزمەت گوزاریانە بێبەشن، لەهەمان کاتدا چەندین جێگە هەن بەناوی گەنجانەوە، کەچی گەنجان پێیانوایە کە بەراستی ئەوجێگایەنە خزمەتی گەنجان ناکەن، بۆئەم مەبەستەش ئەم ڕیپۆرتاژەمان ئامادەکرد، چەند گەنج و کاسبکاری لاومان دواند، کە زۆربەی کاتەکانی پشوودانیان ڕو لە کافتەریای **تیلیناز** دەکەن. شەوانە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان و کاسبکاران و فێرخوازان ڕوو لەم کافتەریایە دەکەن.

سەرەتا ڕومان لەمامۆستایەک کرد کە زۆربەی کاتەکانی پشودانی لەوێ بەسەردەبات پێی وتین:'ئەم گەرمیانە لە هەموو ڕویەکەوە کەموکوڕی هەیەو تەنها شتێک بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە بیلێم خزمەتەکردنی ئەم جیلە گرنگەیە کەپێی دەڵێن گەنج، بەڵام نەکراوە'

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ' زۆرشت لەم ناوچەیەدا بەناوی گەنجەوە دەکرێت، بەڵام تەنها ئەو شتانە بەناوی گەنجەوە دەکرێت، ئەگینا هیچ خزمەتێکی بەگەنج نەکردوە'

شیاوی باسە زۆرێک لەو کەسانەی قسەیان بۆ کردین بێتاقەت بون لەو بارودۆخەی کە گەنجانی تێدایە، بەتایبەت لەدەڤەری گەرمیان، لەبەر ئەوەی بۆیەکەم جارە لەم ناوچەیە جێگەیەک هەبێت بۆ پشوودانی گەنجان ئەمکارەشیان بەباشی هەڵدەسەنگاند.

هونەر حەسەن ئەحمەد، دەرچوی شەشەمی ئامادەییە وئێستا پۆلیسی دارستانە زۆرجار سەردانی ئەم کافتەریایە دەکات ، وتی:'زۆربەی ئەوکاتانەی دەوامم نەبێت سەردانی ئەم کافتەریایە دەکەم زۆریش دلخۆشم کەئەم کافتەریایە کراوەتەوە، بەهیوام نمونەیان زۆربێت، تائێمەش لەم ناوچەیە هەست بەمرۆڤ بونی خۆمان بکەین'

هەرچەند ئێمە سەبارەت بە وەزارەتی وەرزش و لاوان پرسیارمان لە گەنجان دەکرد، بەڵام ئەوان بێئاگایی خۆیان لەکارو چالاکیەکانی ئەو وەزارەتە دەردەبری لەو ناوچەیەدا، لەو بارەیەوە، هونەر دەڵێ؛ 'پێموایە کارەکانی وەزارەتی وەرزش ولاوان بۆ ئەم ناوچەیە تەنها ناوێکەو هیچی دی نیە، کارەکانی وەرزش ولاوان سنوردارن و لەسنورێکی دیاریکراو تێناپەڕێ، هەروەک مالی گەنجان کە کارەکانیان بۆمەبەستی تایبەتین'

جگە لەگەنجان پیشەوەرانیش بێتاقەتی ئەوەن بۆچی دەبێ گەنجان دوای ماندوبونیان جێگەیەکیان نەبێت بۆ پشودان، بەتایبەتیش کە کار دەگەڕێنەوە، سەبارەت بەو مەسەلەیە، ئاری حەمە سەعید کەپیشەی وێنەگریە، شەوان ڕو لەو کافتەریایە دەکات، وەک خۆی دەڵێ؛ کەمی شوێنی لەو جۆرە لەکەلاردا وای کردوە زۆربەی کاتەکانمان لێرە بەسەر بەرین.

دەربارەی هەڵبژاردنی ئەم جێگەیە بۆکاتی پشودان، هونەردەیگوتی: 'باشی ئەم جێگەیە لەوەدایە کەخەڵکانی ڕۆشنبیرو کەسانی باش ڕوو لەم جێگەیە دەکەن، جێگایەکی ئارامە بۆ پشودان، هیوادارم جگەرە لەم جێگەیانەدا نەکێشرێت لەبەر پاک و خاوێنی و تەندروستی وژینگە'

لەبارەی کارەکانی وەرزش و لاوانەوە ئاری دەیگوت:' وەزارەتی وەرزش و لاوان هیچی بۆمن نەکردوەو بەهی خۆشمی نازانم)'

محەمەدتەلعەت، دەیگوت:' من ئەو قسانە بێزارم دەکات کە دەڵێن ئەو هەمو کارە بۆ گەنجان کراوە بۆچی ئێمە نایانبینین؟؟؟))

ئاراس ئیبراهیم، گەنجێکی کاسبەوماندویەتی لەچاوەکانی دەتکێ، لەبارەی شوێنێکی تایبەت بەگەنجانی گەرمیان بەگشتی و کەلار بەتایبەتی دەڵێ: 'بێجێگەیی وای کردووە کە گەنجانی ئێمە لەخۆیان بێزاربن،بەتایبەت لاوە بێکارەکان'

بەبۆچونی ئاراس، زۆربەی ئەو گەنجانەی کەتوشی کێشە دەبن بۆنەبونی جێگەیەکی بە پشودانی گەنجان دەگەڕێتەوە.

کێشەکانی گەنجان ئەو شارە و ئاورنەدانەوەی پێویست لە کێشەکانیان، وایکردوە کە هەندێجار بۆ پڕکردنەوەی کاتەکانیان سەرکێشی بکەن، لەو بارەیەوە، ئاراس، دەیگوت:'نەک تەنها گەنج بەڵکو حکومەتیش بەرپرسیارە لەڕاکێشانی گەنج بەرەو توندو تیژی، لەبەرئەوەی گەنج بەراستی پشت گوێ خراوە'

خاوەنی کافتەرییای تلیناز کە هاوڵاتیەکی ئاساییە، بەڵام زۆر لەخەمی گەنجاندایەو دەیەوێ لەئایندەیەکی نزیکدا بۆ یەکەم جار لەم ناوچەیە جێگەیەکی تایبەت بۆ خێزانیش دروست بکات. شکور مەحمود عەبدولا، خاوەنی کافتەریاکەیە دەڵێ: 'زۆربەی گەنجانی ئەم ناوچەیە سەردانی ئێرە دەکەن ،تەنانەت لەدەرەوەی کەلاریشەوە دێن بۆ ئێرە'

دەربارەی بیرۆکەی ئەم کافتەریایە، شکور، دەڵێ: 'بیرۆکەی ئەم کافتەریایەم لەتورکیا بۆ دروست بوو،هەستم کرد گەنجانی ئێمە لەم جۆرە شوێنانە بێبەشن بۆیە منیش ئەم جێگەیەم دروست کرد'

ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە وێڕای ئەوەی کە ماڵی گەنجان و سێنتەری گەنجان لە کەلاردا هەن، بەڵام پێویستە حکومەت ئاوڕێکی جدی لەگەنجانی ئەم ناوچەیە بداتەوە، چونکە ئەگەر ئەو شوێنانە تێنوێتی گەنجان بشکێنێ، ڕوو لەم کافتەریایە ناکەن.

هەر بەهۆی نەبونی جێگەی تایبەت بەگەنجان لەنێو گەنجانی کەلاردا دیاردەی تلیاک کێشان و حەب خواردن پەیدابوە، هەندێکیان بە جل ڕەشەکان ناسراون، بەڵام بەهەوڵی هێزەکانی ئاسایش ئەو دیاردەیە بەرەو نەمان دەچێت.



لەکۆڕێکدا کە بۆ بەڕێزان بەڕێوەبەری پەروەردەی گەرمیان و بەڕێوەبەری ئاسایشی کەلار بەسترا، بەرێوەبەری ئاسایشی کەلار تیشکی خستەسەر ئەوەی کە گەنجانی کەلار بۆ دورکەوتنەوە لە ئاژاوە گێڕی پێویستە خوێندنەوە بکەنە کولتوری خۆیان.

بەهۆی نەبوونی ئاو و کارەبا، لەسەرەتای مانگی 7ی 2006 گەنجانی کەلار ڕێپێوانێکیان ئەنجام دا، ئەوەش ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوەو ڕێپێوانەکەی بەرەو ئاقارێکی نەخواستراو برد. توندو تیژی لێکەوتەوە، لە ئاکامی ئەو ڕێپێوانەدا کەسێک بەناوی کاروان حەسەن، قاچێکی لەدەست دا، هەروەها لەرێپێوانی ئەو دواییانەشدا گەنجێک بەناوی ئاری گیانی لەدەست دا. ئەوانە کارەساتی دڵتەزێن بوون، گەنجانی دووچاری شۆک کرد، خەڵکی ناوچەکەشی هەناسە سارد کرد، بۆیە بۆ دورکەوتنەوە لەو بەڵاو کارەساتانە وادەخوازێ کە لایەنە پەیوەندارەکان ئاوڕێکی جدی لە داخوازی گەنجانی دەڤەرەکە بدەنەوە.

ئەگەر لایەنە پەیوەندارەکان و ڕێکخراوەکانی گەنجان و لاوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سڤیل بەکارەکانی خۆیان هەڵبستن، لانی کەم دەورەی پێگەیاندن و ڕۆشنبیرکردن و وەرزشی و هونەری بکەنەوەو شوێنی تایبەت بۆ گەنجان دروست بکەن، کێشەکان کەم دەبنەوەو نامێنن.

**پەیامنێری ڕۆژی گەل**